# بەهێزکردنی سیستمی پاراستنی کۆمەڵایەتی لە عێراق و هەرێمی کوردستان

2025

**باشترکردنی پرۆگرامەکانی هاوکاریی کۆمەڵایەتی لە دۆخی قەیراناویدا**


PASEWAN
ڕێکخراوی پاسەوان، بۆ توێژینەوەی سیاسەتە گشتییەکان

institute of development studies

UK International Development
Partnership | Progress | Prosperity

BETTER ASSISTANCE IN CRISES RESEARCH

# پێشەکی:

لە بنەمادا هاوکاریی کۆمەڵایەتی پایەیەکی سەرەکی و بنچینەیی بەدیهێنانی دادی کۆمەڵایەتی و دەستەبەرکردنی سەقامگیریی دارایی و پاراستنی شکۆی مرۆڤە، بەڵام ئەم بنەمایانە لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا نەچەسپێندراون،بەجۆرێک زۆرێک لە گروپە پەراوێزخراوەکانی وەک خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان، گەنجانی دەرەوەی شارەکان و کەسانی بەتەمەن و خێزانە هەژارەکان و ئاوارەکانی ناوخۆ و ئەو خێزانانەی لەلایەن ژنانی کەمدەرامەتەوە سەرپەرشتی دەکرێن، رووبەرووی ئاستەنگی بەرچاو دەبنەوە لە دەستراگەیشتنیان بە هاوکاریی پێویست.

بەشێکی هۆکاری بەردەوامی ئەم ئاستەنگانە دەگەڕێتەوە بۆ مۆدێل و بژاردەکانی هاوکاریی کۆمەڵایەتی کە بەردەوام و رێکخراوو دڵنیاکەرەوەنین و کاریگەرن بە گۆڕانکارییە سیاسیی و کارگێڕییەکان، ئەمە جگە لەوەیاساکانی ئەو بوارەیش نە لە عێراق و نە لە هەرێمی کوردستان نەیانتوانیوە رەنگرێژی روونی ئەو پرۆسەیە بکەن و تارادەیەکی زۆر لەدوای رووداوەکانەوەن، بۆ وێنا، لە ئاستی ناوخۆییدا یاسای پاراستنی کۆمەڵایەتی لە عێراق کە لە ساڵی ٢٠١٤دا دەرکراوە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پێش شەڕی داعش و تیرۆر کە ژان و کۆچ و ئاوارەبوونێکی بێئەندازەی لێکەوتەوە، هەروەها بڵاوبوونەوەی پەتای کۆڤید ١٩ کاریگەریی لەسەر دانیشتووان فراوانترکرد، لەلایەکی دیکەیشەوە گۆڕانداریيەکانی کەشوهەوا ئالانگارییەکانی ئاڵۆزترکردووە. بەهەمان شێوە کاریگەرییە نێودەوڵەتییەکان لەسەر پرسی پاراستن و هاوکاریی کۆمەڵایەتی لە عێراقدا کەم نین، قەیرانەکانی ئەم دواییە لە ئۆکرانیا، غەززە، یەمەن، لوبنان و سوریا، سەرنجی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی لاداوەو بوونەتە هۆی کەمکردنەوەی هاوکارییە نێودەوڵەتییەکان.

هەموو ئەو هۆکارە بابەتییانە کە ناوخۆیی و نێودەوڵەتین ئەوە دەخوازێت کە عێراق و هەرێمی کوردستان هەنگاوی جدی بنێن بەدەرکردنی یاسایەکی نوێی تایبەت بە پاراستنی کۆمەڵایەتی و دامەزراندنی تۆڕێکی پاراستنی حکومی بۆ چارەسەرکردنی ئاڵەنگاریی و بەربەستەکان. لەم پێناوەیشدا ئەم راپۆرتە یەکێکە لەو هەنگاوە گرنگانەی لەسەربنەمای هەڵسەنگاندن و دەرئەنجامی توێژینەوەکانی بواری پاراستنی کۆمەڵایەتی نراوە، بۆ دیارییکردنی سەرجەم کەلێنە یاساییەکان ورێکخستنەوەی رێکارە مەیدانییەکانی هاوکاریی کۆمەڵایەتی فەرمی و نافەرمی و ئەنجامدانی چاکسازیی ریشەیی لەوبوارەدا، ئەمیش بە ئامانجی دەستەبەرکردنی ژیانێکی شایستەتر بۆ گرووپە پەراوێزخراوەکانی کۆمەڵگە و وەرگرانی هاوکاریی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان و سەرتاسەری عێراقدا.

لەم بوارەشدا رێکخراوی پاسەوان و پەیمانگەی گەشەپێدان (IDS)ی بەریتانی بەهاوکاریی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، لە دوو ساڵی رابردوودا دوو توێژینەوەی تایبەتی لەسەر ئەزموونەکانی ژیانی وەرگرانی هاوکاریی کۆمەڵایەتی و ئاستی بەرپرسیارێتی لە دابەشکردنی هاوکارییەکان لە هەرێمی کوردستان ئەنجامداوە، دەرئەنجام و راسپاردەکانی توێژینەوەکان ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە چاکسازییکردن لە سیستەمی پاراستنی کۆمەڵایەتی و رێکخستنەوەی یاساکانی تایبەت بە هاوکاریی کۆمەڵایەتی پێویستییەکی هەنوکەییە، هەروەها ئامانجی ئەم پرۆژەیەش کە لەم قۆناغەدا کاری لەسەر دەکەین، دەستنیشانکردنی کەلێنە یاساییەکانی سیستەمی پاراستن و هاوکاریی کۆمەڵایەتییە و گەیاندنی چەند راسپاردەیەکی گرنگە بە لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ ئەنجامدانی چاکسازیی ریشەیی لەم بوارەدا.

1. Seferis, L.; Karem, H.; Harvey, P. and Rohwerder, B. (2024) 'A Bridge to Those in Need' Frontline Provider Perspectives on the Accountability of Social Assistance in the Kurdistan Region of Iraq, BASIC Research Working Paper 34, Brighton: Institute of Development Studies, DOI: 10.19088/BASIC.2024.025
2. Shaw, J.; Rohwerder, B. and Karem, H. (2024) Towards Inclusive Social Assistance for Marginalised People in the KRI, BASIC Research Working Paper 29, Brighton: Institute of Development Studies, DOI: 10.19088/BASIC.2024.015

# گرنگی چوارچێوەی یاسایی لە هاوکاریی کۆمەڵایەتیدا

دەستەبەرکردنی چوارچێوەیەکی یاسایی گشتگیر بۆ پرۆسەی هاوکاریی و پاراستنی کۆمەڵایەتی، نەک تەنها پرۆسەی هاوکارییەکان رێکدەخات، بەڵکو خزمەتێکی فرە رەهەندی گرنگ دەچەسپێنێت، لەوانەیش چوارچێوەیەکی روون بە کارو ئەرکی حکومەت دەبەخشێت لە جێبەجێکردنی پرۆگرامەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی و هەروەها پابەندبوون بە ستانداردە نێودەوڵەتییەکان رێکدەخات و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بەرجەستە دەکات.

چوارچێوەیەکی یاسایی بەهێز ئەو رێکارانە دەنەخشێنێت کە رۆڵ و بەرپرسیارێتی دامەزراوەکان بەروونی پێناسە دەکەن و دڵنیایی تەواو دەدەن لە پێشکەشکردنی هاوکاریی بەردەوام و گونجاو، لەکاتێکدا بەبێ بوونی یاسایەکی بەهێز و کاریگەر، پرۆسەکانی رێکخستنی هاوکارییەکان بەپێی خواست و پێداویستییەکانی وەرگرانی هاوکاریی کۆمەڵایەتی، دوروستبوونی متمانەی گشتی بە پرۆسەکە لاسەنگ دەبێت و دامەزراوەکانیش ناکارادەبن و هاوکارییەکانیش بەردەوام و هاوسەنگ نابن و ناتەبا دەبن لەگەڵ خواستی وەرگراندا.

به یاساییکردنی هاوکارییە کۆمەڵایەتییەکان، چاکسازیی ریشەیی لە پاراستنی کۆمەڵایەتیدا دەکات و لە پرۆسەیەکی هەرەمەکییەوە دەگۆڕێت بۆ بەرجەستەکردنی پرۆسەیەکی رێکخراو، هەروەها بەپێی بنەما یاساییەکان دەتواندرێت جەخت لەسەر پاراستنی کەرامەتی وەرگران بکرێتەوە و هەمەجۆری و ئاسان دەستراگەیشتن بە هاوکارییەکان فەراهەم بکرێت، بەم هۆیەشەوە ئاستی شەفافییەت لە پرۆسەکەدا زیاد دەکات و متمانەی گشتی بە دامەزراوەکان بەدیدێت، لەلایەکی دیکەیشەوە پابەندبوونە نێودەوڵەتییەکان دەچەسپێندرێن، بەتایبەت ئەو رێکەوتنامانەی کە سەرنجیان لەسەر مافی گروپە پەراوێزخراوەکانن، نمونەی رێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی وەک رێکەوتنامەی نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاکارییەک دژی ژنان (CEDAW)، رێکەوتنامەی مافەکانی منداڵ (CRC) رێکەوتنامەی مافی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت (CRPD) گرنگترین پابەندییەکانیش بریتین لە:

١ ڕێزگرتن لە کەرامەتی سروشتی و سەربەخۆیی تاک، لەوانەش ئازادی بڕیاردان و سەربەخۆیی کەسەکان.

٢ نەبوونی جیاکاریی.

٣ بەشدارییکردنی کاریگەرو چالاک لە کۆمەڵگەدا.

٤ ڕێزگرتن لە جیاوازی و قبوڵکردنی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان وەک بەشێک لە فرەچەشنی مرۆڤ و مرۆڤایەتی.

٥ یەکسانی لە دەرفەتەکان.

٦ توانای دەستراگەیشتن یەکسانی لە نێوان ژنان و پیاوان (SPHRF).

لەبارەی دابینکردنی خواستەکانی  هاوڵاتییانی پەراوێزخراوەوە، چوارچێوە یاساییەکان ڕۆڵێکی بەهادار و گرنگ دەبینن، پێوەرەکان روون دەبن، جۆری هاوکارییە بەردەستەکان و ڕێکارەکانی شایستەیی بۆ وەرگران دیاریدەکەن و شێوازەکانی داواکردنی هاوکاریی و میکانیزمەکانی بەرپرسیارێتی ڕێکدەخەن، ئەمەیش دەبێتە هۆی دروستبوونی شەفافیەت و بەهێزکردنی توانای دامەزراوەکان و دەستەبەرکردنی دڵنیایی لە گونجاوی و کاریگەریی هاوکارییە کۆمەڵایەتییەکان.

بەشێوەیەکی سەرەکی بنەماکانی شەفافیەت و متمانە و بەرپرسیارێتی پێوەری سەرەکین بۆ دەستەبەرکردنی حکومرانییەکی دروست، بەرجەستەکردنی ئەم بنەمایانە لە چوارچێوەی سیستمی پاراستنی کۆمەڵایەتییدا پێویستە لەسەر پێوەری بنچینەیی مافەکانی هاوڵاتییان پەیرەو بکرێن.  بەجۆرێک کە هاوڵاتییان بەتایبەت وەرگرانی هاوکاریی کۆمەڵایەتی بتوانن چاودێریی پرۆسەکە بکەن و بەئاسانی نارەزایەتییەکانیان لەسەر پێشێلکارییەکان بخەنەروو و گوێیان لێبگیرێت، دەستەبەرکردنی ئەم ڕێبازەی شەفافییەت ڕێگردەبێت لە بەفیرۆدان و گەندەڵی و دەبێتە ڕێگایەکی گونجاو بۆ کاراکردنی پرۆسەکە. جگە لەمەیش لە چوارچێوەی سیستمی پاراستنی کۆمەڵایەتییدا پێویستە پێوەرەکانی شایستەیی و میکانیزمەکانی سکاڵا روون و دیاریکراوبن و ماف و زانیارییەکانی وەرگران پارێزراوبن، پۆلێنبەندی پرۆسەکەیش لەسەر بنەمای مافی پێشەکی گروپە پەراوێزخراوەکان بۆ هاوکارییەکان دابندرێت و بتوانن بە ئاسانی دەستیان بە زانیارییەکان بگات و بەشداریشیان پێبکرێت لە پرۆسەی بڕیارداندا.

نەخشاندنی هاوکاریی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای دەستەبەرکردنی ماف ڕێبازێکی گرنگە بۆ گۆڕینی هاوکاریی کۆمەڵایەتی لە پرۆسەیەکی خێرخوازیی نارێکخراوەوە بۆ سیستمێکی گشتگیرو مانادار کە لەلایەک دەتوانێت کەرامەتی تاک بپارێزێت و لەلایەکی دیکەیشەوە هەماهەنگی و بەشداریی کۆمەڵایەتی فراوانتربکات، بۆ نمونە حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق لە چوارچێوەی ستراتیژی پاراستنی کۆمەڵایەتیدا لە ساڵی ٢٠١٦ەوە ڕێبازێکی سێ پایەیی گرتەبەر، ئەم ڕێبازە هەنگاوێکی هۆشمەندانە بوو بۆ باشترکردنی تۆرەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی و پایەکانیش بریتیبوون لە پلانێکی ستراتیژی بۆ کەمکردنەوەی هەژاریی بەجۆرێک کە ئەو کات (تەنها ١١%ی هەژارترینەکان هاوکاریی نەختینەیان وەرگرتووە) هەروەها فراوانکردنی سیستەمی خانەنشینی و بیمەی کۆمەڵایەتی یەکگرتوو بەتایبەت بیمەی بێکاری بۆ کەمکردنەوەی بارگرانییەکانی مووچەی حکومەت، و بەهێزکردنی بازاڕەکانی کار لە ڕێگەی چاکسازییەکانی پەروەردەوە و بەرزکردنەوەی بەشداری ژنان لە هێزی کاردا (حکومەتی هەرێم ٢٠١٦).

هەرچەندە ئەم ڕێبازەی حکومەتی هەرێم گرتییە بەر، لەچوارچێوەی بەرنامەیەکی تۆکمەدا جەختی لەسەر وەڵامدانەوەی خێرای قەیرانەکان و بەهێزکردنی توانای دامەزراوەیی و بەدیجیتاڵکردنی پرۆسەکە کردووە، بەڵام هەر لە سەرەتاوە رووبەرووی ئاستەنگی کارگێڕیی و دارایی بەرچاو بووەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا چەندین رەخنەی جدی لەسەر ئەم پرسە خرانەروو، کە لە نمونەی توێژینەوەکانی (Action Contre la Faim 2023)  ئاماژەی پێدراوەو  ئاماژە بەوەدەکەن کە ئەو چوارچێوە پلانەی حکومەتی هەرێم کەلێنی گەورەی تێدابووە و نەیتوانییوە لە رووی بابەتییەوە چارەسەری ئەو هۆکارە بنەرەتییانە بکات کە دەبنە هۆی پشتگوێ خستن و پەراوێزخستنی گروپەکانی کۆمەڵگە. نمونەی ئەو هۆکارە بنەرەتییانەش بریتین لە، دابینکردنی ئاسایشی خۆراک، نەهێشتنی جیاوازییە جێندەرییەکان، گرنگیدان بە منداڵان و هەروەها ئاماژەدان بە هەژاریی مەرجدار کە دەبێتە پێوەرێکی توند بۆ پشتگوێخستنی ڕێژەیی بەشێک لە گروپ و کەسانی پەراوێزخراو. لەبەرئەوە دەستنیشانکردنی ئەم کەلێنانە دەکرێت وەک هەنگاوێکی گرنگ سەیربکرێن بۆ پێداچوونەوەی ورد بە یاساو ڕێکارەکانی سیستمی پاراستنی کۆمەڵایەتی و ئەنجامدانی چاکسازیی ریشەیی بۆ دارشتنی چوارچێوەیەکی بەهێز کە پاراستنی ماف تێیدا لە پێشینەبێت.

1. Transform (2023). "Social Protection Floors Legal Framework: Summary Document." TRANSFORM | Building Social Protection Floors in Africa. https://transformsp.org/wp-content/uploads/2024/04/VER03.-24-LEG-SUMMARY-DOCUMENT-FINALipdf.pdf
2. Social Protection and Human Rights Framework. https://socialprotection-humanrights.org/framework/

# ئامانجەکانی ئەم پرۆژەیە :

١

دیاریکردنی کەلێنە یاساییەکانی تایبەت بە سیستمی پاراستنی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان و عێراق، لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنی ورد بۆ یاسا کارپێکراوەکان لەم بوارەدا.

٢

رادەستکردنی راسپاردەکان بە لایەنە پەیوەندیدارەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان وەک (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی عێراق، پەرلەمانی کوردستان، وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان).

٣

رادەستکردنی راسپاردەکان بەو رێکخراوە نێودەوڵەتییانەی کە لە بواری هاوکاریی کۆمەڵایەتی کاردەکەن وەک یەکێتی ئەوروپا و ئاژانسە تایبەتمەندەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان.... هتد، وەک بەرچاورووونییەک کە بتوانن لەسەر بنەمای ئەو راسپاردانە باشتر کار لەسەر سیستمی پاراستنی کۆمەڵایەتی لە عێراق و هەرێمی کوردستان بکەن.

# یاساکانی عێراق - فیدڕاڵی

## ١

### رقم (٨) لسنة

قانون وزارة العمل والشؤون الاجتماعية (المعدل)

ئەم یاسایە بریتییە لە چوارچێوەی دامەزراندن و کارکردنی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە عێراق. ئامانجی سەرەکی، دانانی بناغەیەکی یاساییە بۆ وەزارەت تا بتوانێت بە شێوەیەکی کارا و ڕێکخراو ئەرکەکانی جێبەجێ بکات، ئەم یاسایە نەخشەڕێگای کارکردنی وەزارەتە؛ لەلایەک پێکهاتەی کارگێڕی وەزارەت ڕێکدەخات و لەلایەکی دیکەش ئەرک و ئامانجە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکانی دیاری دەکات.

## ٢

### رقم (٣٨) لسنة ٢٠١٣

قانون رعاية الأشخاص ذوي الإعاقة والاحتياجات الخاصة

ئەم یاسایە چوارچێوەی یاسایی سەرەکییە لە عێراقدا بۆ پاراستن، چاودێری، شیاندنەوە و تێکەڵکردنەوەی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت و کەمئەندامان لەناو کۆمەڵگادا. بەئامانجی دەستەبەرکردنی ژیانێکی شایستە، لە ڕێگەی دامەزراندنی دەستەیەکی ناوەندی و کاری هەماهەنگی وەزارەتەکان، هەوڵ دەدات ژینگەیەکی لەبار بڕەخسێنێت کە تیایدا کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت وەک هاوڵاتییەکی چالاک و بەرهەمهێنەر لە بوارەکانی ژیاندا بەشداربن.

## ٣

### رقم ١٠ لسنة ٢٠١٢

قانون دعم المشاريع الصغيرة المولدة للدخل

ئەم یاسایە بریتییە لە چوارچێوەیەکی یاسایی و دارایی کە لەلایەن یاسادانەرانی عێراقەوە دانراوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی بێکاری و هاندانی کاری سەربەخۆ. ئامانجی سەرەکی، دابینکردنی قەرزی بێ سوودە بۆ ئەو هاوڵاتیانەی کە هەوڵی دامەزراندنی پرۆژەی بچووکی خۆیان دەدەن، بەڵام سەرمایەی پێویستیان نییە. یاساکە هەوڵ دەدات کولتووری پشت بەخۆبەستن پەرە پێبدات و بێکاران بکات بە خاوەنکارو بەرهەمهێن.

## ٤

### رقم ٣٧ لسنة ٢٠١٥

قانون العمل

ئەم یاسایە چوارچێوەیەکی یاسایی سەرەکییە، کە پەیوەندیی کار لەنێوان کرێکار و خاوەنکار لە کەرتی تایبەت، تێکەڵاو و هەروەها ئەو کرێکارانەی بە گرێبەست لە کەرتی گشتیدا کار دەکەن لە عێراقدا ڕێکدەخات. یاساکە جێگەی یاسای پێشووی ژمارە (٧١)ی ساڵی ١٩٨٧ی گرتەوە و ئامانجی ئەوەیە ستانداردەکانی کار لە عێراقدا لەگەڵ ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی کار بگونجێنێت و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ژیانێکی شایستە بۆ کرێکاران مسۆگەر بکات.

## ٥

### رقم ١١ لسنة ٢٠١٤

قانون الحماية الاجتماعية

ئەم یاسایە لە ساڵی ٢٠١٤ دەرچووە، ئامانجی سەرەکی بریتییە لە دابینکردنی پاراستنی کۆمەڵایەتی بۆ ئەو خێزان و تاکانەی کە لەژێر هێڵی هەژارییەوەن و داهاتیان سنووردارە یان هەر نییانە. ئەم پاراستنە لە ڕێگەی پێدانی هاوکاریی دارایی مانگانە (ئیعانە/مووچە) و خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتییەوە دەبێت. بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە، "دەستەی پاراستنی کۆمەڵایەتی" دامەزراوە.

## ٦

### رقم ١٨ لسنة ٢٠٢٣

قانون التقاعد والضمان الاجتماعي للعمال

یاسایەکی عێراقییە کە ئامانجی سەرەکی بریتییە لە دابینکردنی چەترێکی پاراستنی کۆمەڵایەتی بۆ هەموو کرێکارانی کەرتی تایبەت (ڕێکخراو و نارێکخراو). ئەم یاسا نوێیە جێگەی یاسای ژمارە ٣٩ی ساڵی ١٩٧١ی گرتووەتەوە و بە هەنگاوێکی گەورە دادەنرێت بۆ نوێکردنەوەی سیستمی دەستەبەریی کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران لە عێراقدا.

# یاساکانی هەرێمی کوردستان

## ١

### یاسای ژمارە (١٤) ساڵی ٢٠٠٧

یاسای وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی -کوردستان

ئەم یاسایە بریتییە لە چوارچێوەی یاسایی بۆ دامەزراندنی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان. ئامانج، پێکهاتە، و دەسەڵاتەکانی ئەم وەزارەتە دیاری دەکات بۆ ئەوەی بتوانێت رۆڵی خۆی لە رێکخستنی بازاڕی کار و دابینکردنی چاودێریی کۆمەڵایەتی لە هەرێمدا ببینێت.

## ٢

### یاسای ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠١١

یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت هەموارکراو بە یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢١.

یاسایەکی بنەڕەتییە لە هەرێمی کوردستان، ئامانجی سەرەکی بریتییە لە پاراستن و مسۆگەرکردنی مافە بنەڕەتییەکانی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان. یاساکە هەوڵدەدات کۆمەڵگە و دامودەزگاکانی حکومەت ناچار بکات کە بە چاوێکی یەکسان و هاوشان سەیری ئەم توێژە بکەن، نەک وەک کەسانی شایەنی بەزەیی، بەڵکو وەک هاووڵاتیی خاوەن ماف.

## ٣

### یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢١

هەمواری یەکەمی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت لە هەرێمی کوردستان-عێراق.

ئەم یاسایە گۆڕانکاری و راستکردنەوەیە بۆ یاسا سەرەکییەکە (ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠١١). ئامانجی سەرەکی بریتییە لە چارەسەرکردنی ئەو کەموکوڕی و کێشانەی کە لە کاتی جێبەجێکردنی یاسا کۆنەکەدا دەرکەوتبوون کە مەبەست لێی یاسای ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠١١ یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەتە.

## ٤

### یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٢

یاسای ژمارە (٣٩) ی ساڵی ١٩٧١ی هەموارکراو بە یاسای ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠١٢ یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران .

ئەم یاسایە، یاسایەکی پەرلەمانی کوردستانە کە گۆڕانکاری و نوێکاریی لە یاسا کۆنەکەی عێراق (ژمارە ٣٩ی ساڵی ١٩٧١) کردووە. ئامانجی سەرەکی ئەوە بوو کە یاسا کۆنەکە، کە زیاتر لە ٤٠ ساڵ بوو دەرچووبوو، لەگەڵ بارودۆخی ئابووری و ئیداریی نوێی هەرێمی کوردستاندا بگونجێنرێت و بکرێتە یاسایەکی کارپێکراو و کاریگەر.

## ٥

### یاسای ژمارە (٢) ی ساڵی ٢٠١١

یاسای سەندووقی پشتیوانی پرۆژە بچووکەکانی لاوان لە هەرێمی کوردستان-عێراق.

ئەم یاسایە دامەزراوەیەکی دارایی تایبەت دادەمەزرێنێت بە ناوی "سندووقی پشتیوانیی پرۆژە بچووکەکانی لاوان". ئامانجی سەرەکی بریتییە لە پێشکەشکردنی پشتیوانیی دارایی بە گەنجانی هەرێمی کوردستان لە رێگەی پێدانی قەرزی ئاسانکار (بێ سوود)، بۆ ئەوەی یارمەتییان بدات تا پرۆژەی بچووکی تایبەت بە خۆیان دابمەزرێنن و دەرفەتی کار بۆ خۆیان دیکە برەخسێنن.

# کەلێن و گرفتەکانی یاساکان

## ١ ترافیکی یاسایی

ترافیکی یاسایی یەکێکە لە کێشەکانی تەشریع لە هەرێمی کوردستان و عێراق، بەمانای ئەوەی چەندین یاسای جۆراوجۆر بابەتی پاراستنی کۆمەڵایەتیان رومالکردوە، ئەمەش بەجۆرێک لەجۆرەکان کێشەی بۆ دەسەڵاتی جێبەجێکردن و لایەنە پەیوەندیدارەکان دروستکردوە، بۆیە پێویستە لەیەک یاسای تۆکمەدا کۆی ئەوەی پەیوەندی بە پاراستنی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، جێبکرێتەوە.

## ٢ نەبوونی بڕگەیەکی روون تایبەت بە یەکسانی

نەبوونی دەقێکی دیاریکراو لە یاساکانی عێراق و هەرێمی کوردستان سەبارەت بە بوونی یەکسانی و دادپەروەریی بۆ دەستڕاگەیشتن بە هاوکاریی کۆمەڵایەتی بەتایبەت بۆ ئەوانەی پێویستییان بە هاوکارییە.

## ٣ ڕێکنەخستنی هاوکاریی کۆمەڵایەتی نافەرمی

ڕێکنەخستنی هاوکاریی کۆمەڵایەتی نافەرمی لە هیچ کام لە یاساکانی تایبەت بە هاوکاریی کۆمەڵایەتی لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا.

## ٤ پاراستنی شکۆمەندی

پاراستنی شکۆمەندیی وەرگرانی هاوکاریی کۆمەڵایەتی، لەهیچ یەکێک لەیاسا تایبەتەکانی ئەم بوارەدا، نە لە هەرێمی کوردستان و نەلە عێراقی فیدراڵیش، دەقیان لەسەر پاراستنی نهێنی ئەو کەسانە نەداوە، کەشایستەی هاوکاریی پاراستنی کۆمەڵایەتین، بەتایبەت لەسەر ئەوە دەقیان نەداوە کە نابێت وێنەو ڤیدیۆیان بگیرێت و بڵاوبکرێتەوە. لەکاتی سەرپێچکردن پەنا بۆ لایەنی پەیوەندیدار ببرێت کە دادگاکانە.

## ٥ پاراستنی شەفافیەت و ڕێگرییکردن لە جیاکاریی

پاراستنی شەفافیەت و ڕێگریکردن لە جیاکاریی بەتایبەت لەسەر بنەمای (رەگەز، ئایین، نەتەوە، وەلای سیاسیی) لە هیچ کام لە یاساکانی عێراق و هەرێمی کوردستاندا ئەم بنەمایانە بەتۆکمەیی نەچەسپێندراون.

# بنەما سەرەکییەکانی چاکسازی یاسایی لەبواری پاراستنی کۆمەڵایەتیدا

ئەو بنەما سەرەکییانەی کە پێویستە لەژێر رۆشناییاندا چاکسازی یاسایی ئەنجامبدرێت، لەپێناو هاوکارییەکی کۆمەڵایەتی دادپەروەرانتر و شکۆمەندانەتر:

## I. یەکسانی رەها لە دەسڕاگەیشتن بە هاوکاریی کۆمەڵایتی:

هەمووئەوانەی پێوستیان بە هاوکاریی کۆمەڵایەتی هەیە، پێویستە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە دەستیان بگات بە هاوکارییەکان بەبێ بەهەندوەرگرتنی نەژاد، تەمەن،پەیوەندییە سیاسییەکانیان، بروا ئاینی و مەزهەبییەکانیان. ئەمە دەڵێین چونکە بەگوێرەی توێژینەوە ئاماژەپێکراوەکان، زۆرێک لە گروپە پەراوێزخراوەکان: لەوانەش گەنجانی ناوچە دوورەدەستەکان، خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان، کەسانی بەساڵاچوو، خێزانە کەم داهاتەکان، ئاوارەکانی ناوخۆ (IDPs) و ئەو ماڵانەی سەرۆکی خێزانەکانیان ژنن- ڕووبەڕووی بەربەستی بەرچاو دەبنەوە، لە دەستڕاگەیشتن بە هاوکاریی، واتە شوناسە دەسکرد و سروشتکردەکان دەبنە هۆی بێبەشبونیان لە هاوکاریی کۆمەڵایەتی. هاوکات سزاش دابنرێت بۆ ئەو کەس و گروپانەی کە ئەم جیاکارییانە ئەنجامدەدەن.

سەبارەت بەبوونی ناوەرۆکی لەمجۆرە، لە یاساکانی هەرێمی کوردستان و عێراقیشدا، بەروونی دەقی لەسەر نەدراوە بەنمونە یاسای ژمارە(١٤)ی ساڵی(٢٠٠٧)ی یاسای وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان،و یاسای ژمارە(٨)ی ساڵی(٢٠٠٦)ی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی عێراقی فیدراڵیشدا بەهیچ جۆرێک ئاماژەی پێنەدراوە).

هەندێک لەیاساکانیش، تەنها بەوە وازیان هێناوە کە گوزارشتی(هەر کەسێک....)بۆ نمونە ئەمە لە بڕگەی دووەمی، مادەی یەکەمی یاسای (چاودێری کەمئەندام و خاوەن پیداویستی تایبەت)ی عێراقی فیدراڵ، ژمارە ٣٨ ی ٢٠١٣هاتوە. هەروەها لە بڕگەی یەکەمی مادەی نۆیەم ، و بڕگەی دووەمی مادەی ١١ یاسای ژمارە(٢٢)ی ساڵی(٢٠١١)ی ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت لەهەرێمی کوردستان بەتەنها گوزارشتی(هەر کەسێک... )و(هەموو کەسێک...)هاتوە. کاتێک هەمان یاسا لەساڵی (٢٠٢١)دا هەموار دەکرێت هەمان گوزارشت لە بڕگەی شەشەمی مادەی دووەمی هەمواری یاسای ژمارە (٨) دوبارە دەکاتەوە.

وێڕای ئەمەش، بەهیچ جۆرێک، هیچ یەکێک لەو یاسایانەی هەرێمی کوردستان و عێراق ئاماژەیان بەوە نەکردوە، ئەگەر کەسێک یان دەزگایەکی فەرمی و نافەرمی، لەسەر بنەمای جیاوازییەکان، بڕیاری لەسەر سودمەندنەبوونی خاوەن پێداویستیەکی تایبەتدا، سزاکەی چی دەبێت. لەکاتێکدا لەزۆرێک لەو یاسایانەدا سزا دانراوە، بۆ ئەو کەسانەی بە درۆ بانگەشەی ئەوە دەکەن کەمئەندامن. بەنمونە(م٢١) یاسای ژمارە ٣٨ ی ساڵی ٢٠١٣ (چاودێری کەمئەندام و خاوەن پیداویستی تایبەت)ی عێراقی فیدراڵ.هەروەها بڕگەی چوارەمی مادەی ١٠ ی یاسای ژمارە(٨)ی ساڵی(٢٠٢١)ی ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت لەهەرێمی کوردستان بۆ هەمان مەبەست تەرخانکراوە.

## II. پاراستنی شکۆمەندیی:

هاوکاریی کۆمەڵایەتی هەوڵێکە بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی ژیانی ئەوانەی شایستەی هاوکاریین، بۆیە بەهیچ جۆرێک ناکرێت ڕێکارەکانی وەرگرتنی ئەو هاوکارییە بێڕێزیی تێدابێت و باری دەرونیان خراپتربکات. بە پێچەوانەوە پێویستە بەوپەڕی ڕێزو شکۆمەندییەوە دەستی بە هاوکارییەکان رابگات. ئەبێت تایبەتمەندییەکانی ونهێنییەکانی بپارێزرێت، لەم چوارچێوەیشدا نابێت وێنەو ڤیدیۆی بگیرێت و بڵاوبکرێتەوە.

لەیاسا تایبەتەکانی ئەم بوارەدا، نە لە هەرێمی کوردستان و نەلە عێراقی فیدراڵیش، دەقیان لەسەر پاراستنی نهێنی ئەو کەسانە نەداوە، کەشایستەی هاوکاریی پاراستنی کۆمەڵایەتین، بەتایبەت لەسەر ئەوە دەقیان نەداوە کە نابێت وێنەو ڤیدیۆیان بگیرێت و بڵاوبکرێتەوە.

## III. شاشگەرایی (شەفافی):

پێویستە ڕێکارێکی تۆکمەو شاشی(شفاف) وا بگیرێتەبەر، کەهەموان بەشێوەیەکی یەکسان و دور لەلایەنگری و گەندەڵی دەستیان بە هاوکارییەکان بگات. ئەم راسپاردەیە لە هیچ یەک لەیاساکاندا وەک پێویست رونەکراوەتەوە.

هاوڵاتییان مافی ئەوەیان هەیە بزانن هاوکارییەکان چین و کەی و چۆن هاوکاریی دەکرێن، پێویستە زانیارییەکانی هاوکاریی کۆمەڵایەتی روون و ئاسان بێت و هەموو کەس بەتایبەت ئەوانەی کە زۆرترین پێویستییان بە هاوکارییە بە ئاسانی دەستییان بە هاوکارییەکان بگات.

شەفافبوونی پرۆسەکە پێویستی بەم بنەمایانەی خوارەوە هەیە:

١ کێ شایستەی پشتگیرییە؟

٢ چ جۆرە یارمەتیەک لەبەردەستدایە؟

٣ لە کوێ و کەی دەتوانرێت دەستی پێ بگات؟

٤ چۆن بڕیارەکان دەدرێت؟

نەک تەنها بۆ وەرگرانی هاوکاریی کۆمەڵایەتی، بەڵکو پێویستە بۆ تەواوی کۆمەڵگە پرۆسەکە شەفاف بێت و لە ئاستی گشتیدا هاوڵاتییان بتوانن وەک پرسێکی گشتی قسەی لەسەر بکەن، لەم چوارچێوەیەشدا پێویستە میکانیزمی سادەو گونجاو دابندرێت بۆ وەرگرتنی فیدباک و نارەزایەتییەکان و ئەم بنەمایانە لە خۆبگرێت:

١. بێبەرامبەر بەدەست بگات
٢. بەچەند زمانێکی جیاواز بەردەست بێت
٣. کراوەبێت بۆ هەمووان بەبێ ترس و سزا

بەهەمان شێوە پێویستە ئەرک و بەرپرسیارێتی دابینکەرانی هاوکاریی کۆمەڵایەتی بەروونی دیارییبکرێت، بەتایبەت ئەوان راستەوخۆ ئەرکی وەڵامدانەوەیان لەئەستۆدایە کە زیاد لە وەرگرتنی سکاڵا بایەخدارتر بۆ باشترکردنی پرۆسەکە:

١. پێداچوونەوە و چارەسەرکردنی نیگەرانییەکان لە کاتی خۆیدا
٢. ڕوونکردنەوەی بڕیارەکان بە ڕوونی و بە ڕێزەوە
٣. ڕاستکردنەوەی هەڵەکان لەکاتی خۆیدا

لە ئێستادا ئەم ستانداردانە لە یاساکانی بواری پاراستنی کۆمەڵایەتیدا نەچەسپێندراون و میکانیزمی روون نییە بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئاستە لە بەرپرسیارێتی، ئەمەیش ئەو دەرئەنجامە دەخاتە روو کە بەبێ بوونی یاسایەکی روون بۆشاییەکان گەورەترو فراوانتردەبن و ئاستی متمانە لە پرۆسەکەدا لاسەنگ دەبێت، شەفافیەتی راستەقینە تەنها بە نیازپاکی مەیسەر نابێت، بەڵکو پێویستی بە یاسا و چاودێریی تەواوی پرۆسەکە هەیە.

## IV. بەردەوامیی هاوکارییەکان:

بەگشتی، ئەو دۆخەی وایکردووە کەسێک شایستەی هاوکاریی بێت، هەندێکجار کاتیی نییەو بەردەوامە، بۆیە پێویستە هاوکارییەکانیش بەردەوامبن و لەم رووەوە گۆڕانی هاوکێشە سیاسییەکان کاریگەرییان نەبێت.

نەبوونی دڵنیایی دەبێتەهۆی تێکدانی پرۆسەکە، ئەم نادڵنیاییەش بەهۆی بە فرەچەشنی سیاسەتی کارو ناجێگیریی فەند و ناکارامەیی کارگێڕییەوە روودەدات، ئەمەیش گرفتی گەورە بۆ پرۆسەی پلاندانان و دەستەبەرکردنی هاوکاریی درێژ خایەن دروست دەکات، لەکاتێکدا پێویستە دەستراگەیشتنی هاوڵاتییان بە بەردەوامی بمێنێتەوە بەبێ بەهەندوەرگرتنی گۆڕانکارییە سیاسییەکان.

هاوکاریی کۆمەڵایەتی پاداشتی سیاسی نییە، بەڵکو دەستەبەری مافی ژیانێکی شکۆمەندانەیە. پێویستە گۆڕانکارییە سیاسییەکان کاریگەرییان نەبێت لەسەر دەستەبەرکردنی هاوکارییە کۆمەڵایەتیەکان.

بۆ دڵنیابوون لەمە پێویستە:

- ١ پێویستە گەرەنتی یاسایی هەبێت بۆ پاراستنی مافەکان
- ٢ پێویستە دامەزراوە سەربەخۆکان سەرپەرشتی جێبەجێکردن بکەن
- ٣ میکانیزمەکانی پارەدان دەبێت پێشبینیکراو بن و لە دەستێوەردان بپارێزرێن

سەقامگیریی و بەردەوامی لە هاوکاریی کۆمەڵایەتیدا دەبێتە بناغەی دروستکردنی متمانەی گشتی و بەهۆیەوە زۆرترین کەسی پەراوێزخراو سودمەند دەبن، ئەمەیش بەتایبەتی لە دۆخی قەیران و راگوزەردا دەرئەنجامەکانی بەروونی دەردەکەوێت، بەڵام ئەم پرسە لە ئێستادا پشتگیرییەکی یاسایی بەهێزی نییە و هیچ کام لە یاسا پەیوەندیدارەکان، نە لە هەرێمی کوردستان و نە لە عێراق بە روونی گەرەنتی ئەم بەردەوامییە ناکەن لە هاوکاریی کۆمەڵایەتییدا.

چەند هۆکارێک کە پرۆسەی بەردەوامی و درێژخایەنی هاوکاریی کۆمەڵایەتی لە عێراقدا تێکدەدەن بریتین لە:

- ١ کەمیی درێژخایەنی بودجە، زۆرجار بەهۆی کێشەی سیاسییەوە
- ٢ نوێنەکردنەوەی لیستی سودمەندان رەنگنەدانەوەیان لەگەڵ پێداویستییەکانی ئێستا
- ٣ جێبەجێنەکردنی برگە یاساییەکان یان نەگونجاندنیان لەگەڵ واقیعەکانی کارکردندا

بۆنمونە مادەی (٢٤)ی یاسای(پاراستنی کۆمەڵایەتی) ژمارە(١١)ی ساڵی ٢٠١٤ عێراقی فیدراڵ، ئەنجومەنی وەزیران ناچار دەکات، ساڵانە بە لیستی ناوی ئەو کەسانەدا بچێتەوە، کە هاوکاریی پاراستنی کۆمەڵایەتی دەیانگرێتەوە، بەئامانجی ئەوەی کەسانی تریش سودمەندبن لەو هاوکارییانە. لە کاتێکدا ئەمە برگەیەکی ستانداردە، بەڵام لە پراکتیکدا زۆرجار بەهۆی ناکارایی کارگێڕیی یان ناکۆکی سیاسییەوە دوادەخرێت یان چاوپۆشی لێدەکرێت. ئەمەش دەبێتە هۆی وەستاندنی پرۆسەکەو ڕێگر دەبێت لە سوودمەندبوونی ئەو هاوڵاتییانەی بەهۆی دۆخی نوێوە پێویستییان بەهاوکارییەو سیستمەکە نوێ ناکرێتەوە.

لێرەدا گرفتەکە خودی یاساکە نییە، بەڵکو نەبوونی توانایی دامەزراوەیی و ئیرادەی سیاسییە بۆ بەردەوامیدان بە جێبەجێکردنی یاساکە، بەردەوامی لە هاوکاریی کۆمەڵایەتییدا پێویستی بودجە و داتای وردو باوەڕپێکراوو سیستمێکی سەقامگیر هەیە کە پێویستە لە پێشینەی سیاسەتی کاری دامەزراوەکاندا ڕەنگبداتەوە.

## ٧. شیاندنەوەو بەرزکردنەوەی تواناکان:

پێویستە هاوکارییەکان، بەتەنها لە بەخشیندا کورتنەکرێنەوە، بەڵکو کاری جدی بکرێت لەسەر بەرزکردنەوەی توانا جۆراوجۆرەکانی ئەوانەی شایستەی هاوکاریین، ئەمەش بەئامانجی ئەوەی، لەرووی دەروونییەوە هەست بەئاسودەیی بکەن، هاوکات هەر بۆخۆیان بتوانن بریک لەسەرچاوەی بژێوی خۆیان دابینبکەن. بۆ بەدیهێنانی ئەمەیش پێویستە ئەم بنەمایانە لەبەرچاوبگیرێن:

١. ڕاهێنانی پیشەیی بەجۆرێک لەگەڵ بازاڕی کاری ناوخۆییدا بگونجێت، وەک چاککردنەوەی مۆبایل، خولی دورومان، یان دانانی پانێڵی خۆر...هتد

٢. یارمەتییە بچووکەکان یان قەرزی بێ سوود بۆ یارمەتیدانی تاکەکان بۆ دەستپێکردنی پیشەی تایبەت یان بزنسی بچوکی ماڵ.

٣. ڕاهێنانی تایبەت و پەروەردەی بەڕێوەبردنی دارایی بۆ بڕیاردانی ژیرانەو زیادکردنی ئاستی خۆڕاگرییان.

٤. دەستەبەرکردنی چاودێریی کۆمەڵگەیی بۆ منداڵ، کە دەبێتە هۆی هاندانی ژنان بۆ کار و پابەندبوونیان بە ڕاهێنانەکانەوە.

٥. زیادکردنی گروپەکانی پاڵپشتی و ڕێنمایی کار کە دەبنە هۆی کەمکردنەوەی گۆشەگیریی و تۆڕە هاوبەشەکانی کار دروست دەکەن.

ئەم جۆرە پاڵپشتییانە دەبنەهۆی باشترکردنی خۆشگوزەرانی دەروونی، و ئەو هەستە لای هاوڵاتییان دروستدەکەن کە ئەوان تەنها وەرگرنین بەڵکو بەشداربوون و دەیانکات بە بەشێک لە پرۆسەکە.

ئەوان کاتێک هەست بە ئاسوودەیی شکۆی خۆیان دەکەن کە دەتوانن بەشێک لەداهاتی خۆیان بەدەست بهێنن، تەنانەت ئەگەر کەمیش بێت، بەم شێوەیەش وابەستەیی درێژ خایەن کەمدەکەنەوەو دەبێتە هۆی بەردەوامی پرۆسەی هاوکاریی کۆمەڵایەتی و سیستمەکە بەگشتی.

زۆربەی یاسا پەیوەندیدارەکان دان بە گرنگی بەهێزکردندا دەنێن.
بۆ نموونە:

1. هەر شەش بڕگەکەی مادەی (٩) یاسای(پاراستنی کۆمەڵایەتی) ژمارە(١١)ی ساڵی ٢٠١٤ عێراقی فیدراڵ، بۆ شیاندن تەرخان کراوە.
2. بڕگەکانی(ز،ح،)خاڵی یەکەم وبڕگەکانی (ا، ب، ج،د،ه) خاڵی چوارەمی مادەی (١٥)ی یاسای ژمارە ٣٨ ی ساڵی ٢٠١٣ (چاودێریی کەمئەندام و خاوەن پیداویستی تایبەت)ی عێراقی فیدراڵ، بۆ شیاندن تەرخانکراوە.
3. خاڵی سێیەمی مادەی (٥)ی یاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی(٢٠١٢) (هاوکاریی کردنی پڕۆژە بچوکەکانی دروستکەری داهات)ی عێراقی فیدراڵ، بۆ هەمان مەبەست تەرخان کراوە.
4. یاسای ژمارە(٢٢)ی ساڵی(٢٠١١)ی ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت لەهەرێمی کوردستان لقێکی سەرەکی بۆ شیاندن تەرخانکردوە، کە بریتییە لە مادەیەکی چوار بڕگەیی، کە مادەی (٩)یە.
5. هەروەها، هەمان ناوەڕۆک لەبڕگەی (٧)ی مادەی(٣) یاسای ژمارە(١٤)ی ساڵی(٢٠٠٧) بۆ شیاندنی منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت تەرخان کردوە.

## VI. هاوكاری كۆمەڵایەتی خەم و ئەركێكی گشتییە:

هاوكاریی كۆمەڵایەتی وەک خەم و ئەركێكی گشتی، پێویستە هەموان تێیدا بەشداربن، لەمڕووەشەوە دەبێت ڕێكخراوە مەدەنییەكان، دەزگاكانی حكومەت، لیژنەكانی پەرلەمان، ئۆرگانەكانی نەتەوە یەكگرتووەكان و لایەنە پەیوەندیدارەكانی دیكە، ڕۆڵی راستەقینەی خۆیان بگێڕن. واتە هەماهەنگی تۆكمە لە نێوان ئەو لایەنانەدا هەبێت بۆ باشتركردنی پێشكەشكردنی خزمەتگوزاریی و هاوكارییەكان.

وەک پێویست ئەم راسپاردەیەش لە یاساكانی هەرێمی كوردستان و عێراقیشدا رەنگی نەداوەتەوە، بەتەنها برگەی (١٥)ی مادەی(٢) یاسای ژمارە(١٤)ی ساڵی(٢٠٠٧)ی وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەڵایەتی هەرێمی كوردستاندا باس لە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنیدا دەكات بۆ بەدیهێنانی ئامانجەكانی وەزارەت. لەم ڕووەوە یاسای ژمارە(٨)ی ساڵی(٢٠٠٦)ی وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەڵایەتی عێراقی فیدراڵ هیچ دەقێكی نەداوە.

# دەرئەنجام و راسپاردەكان بۆ ڕێكخستەوەی پاراستن و هاوكاریی كۆمەڵایەتی لە عێراق و هەرێمی كوردستاندا:

## پێكهاتەكانی چاكسازیی یاسایی:

١ - نەهێشتنی ترافیكی یاسایی و ڕێكخستنی پاراستنی كۆمەڵایەتی لەچوارچێوەیی یاسایەكی گشتگیر و تۆكمەدا، داڕشتنی چوارچێوەیەكی یاسایی مۆدێرن بۆ دڵنیابوون لە شەفافیەت، چاودێری، بەرپرسیارێتی و گشتگیری-گۆڕینی هاوكاری كۆمەڵایەتی بۆ مافێكی گەرەنتیكراو.

٢ - گرتنەبەری ڕێبازی ماف بە قەدەغەكردنی هەموو جۆرە جیاكارییەک (rights-based approach) لەچوارچێوەی هاوكاریی كۆمەڵایەتیدا.

٣ - رەخساندنی زەمینەی یاسایی بۆ فشاركرن و دامەزراندنی دەزگای چاودێری سەربەخۆ بۆ چاودێریكردنی جێبەجێكردنی بەرنامەكانی هاوكاری كۆمەڵایەتی و چارەسەركردنی پێشێلكارییەكان.

٤ - دڵنیابوونەوە لە پاراستنی شكۆمەندی وەرگرانی هاوكاریی كۆمەڵایەتی لەڕێگەی وێنە نەگرتن و بڵاونەكردنەوەیان لە ناوەندەكانی دابەشكردنی هاوكاریی كۆمەڵایەتی.

٥ - نەهێشتنی بەربەستەكانی گروپە پەراوێزخراوەكان بۆ ئاسانتر دەستڕاگەیشتنیان بە هاوكاریی كۆمەڵایەتی و پاراستنی سەلامەتییان و بەهەند وەرنەگرتنی ئینتیمای سیاسیی و ئاینیی.

٦ پەرەپێدانی ڕێنماییەکان بۆ بەرپرسیارانە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە چوارچێوەی کۆکردنەوەی فەند و پاراستنی شکۆی وەرگراندا، لە هەمانکاتدا دڵنیابوونەوە لە پێدانی هاوکارییەکان لە کاتی خۆیدا.

٧ دامەزراندنی میکانیزمێکی سەربەخۆی پشتڕاستکردنەوە بۆ دڵنیابوون لە بەرپرسیارێتی و شەفافیەت لە بەرنامەکانی هاوکاری کۆمەڵایەتی ناوخۆییدا.

٨ داکۆکیکردن لە هەموارکردنەوەی یاساکان بۆ بەهێزکردنی پرۆسەی چاودێریی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لەسەر وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و دڵنیابوون لە چاودێریکردنی جدی جێبەجێکردنی یاسای پاراستنی کۆمەڵایەتی بۆ بەهێزکردنی بەرپرسیارێتی و کاریگەرییە ئەرێنییەکان.

## چاکسازیی و هەماهەنگی

١ چارەسەرکردنی کێشەکان لە پرۆسەی گەیاندنی هاوکاریی کۆمەڵایەتیدا، نەهێشتنی زەبرەکۆمەڵایەتییەکان لە هەژاریدا (Social Stigma)، هەروەها دابینکردنی پێداویستی تەندروستی گرانبەهاو بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانیان.

٢ کەمکردنەوەی بەربەستە بیرۆکراتییەکان و ڕێکخستنی ڕێکارەکان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی تێگەیشتن لە کاریگەریی سیستەمی هاوکاریی کۆمەڵایەتی بۆ وەرگران.

٣ سودوەرگرتن لە تۆڕە نافەرمییەکان لەڕێگەی پەرەپێدانی پەیوەندییەکی بەهێزترەوە بە پاڵپشتیکردنی دارایی و هاوکاریی گەشەپێدان بە ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانی تایبەت بە خاوەنپێداویستی تایبەتەکان و ئەو ڕێکخراوانەی پرەنسیپ و بەهاکانیان هاوبەشن پێکەوە دەتوانن وەک دامەزراوەیەک کارایانە کاربکەن لەسەر دابینکردنی هاوکاریی هەمەجۆر و بەشداریکردنی بەرپرسیارانە لە چواچێوەی هاوکاریی کۆمەڵایەتیدا.

٤ دابینکردنی سەرچاوەی پاڵپشتیی پێویست بۆ کارمەندانی مەیدانی هاوکاریی کۆمەڵایەتیی بۆ باشتر بەڕێوەبردنی ئەرک و بەرپرسیارێتییە جۆراوجۆرەکانیان و دڵنیابوونەوە لە کارایی ڕۆڵی نێوەندگیرییان و بەردەوامبوونیان.

٥ ئاسانکاریی بۆ بەشدارییکردنی ڕێکخراوە ناوخۆییەکان بۆ سوودبینین و هەماهەنگیی یارمەتییە نێودەوڵەتییەکان بە تایبەت ڕێکخستنی ئەولەویەتەکان و بەکارهێنانی شارەزایی و تۆڕە ناوخۆییەکان.

| | |
|---|---|
| ٦ | بەشداریکردنی تۆڕەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە پرۆسەکانی چاکسازی کۆمەڵایەتیدا کە دەوڵەت سەرپەرشتی دەکات. بەشداریکردنیان چاودێری سەربەخۆ زیاد دەکات و متمانە لە چۆنیەتی پێشکەشکردنی یارمەتییەکان باشتر دەکات. |
| ٧ | دابینکردنی ڕاهێنانی بەردەوام بۆ کارمەندانی مەیدانی کە گرنگی بە کارامەییەکانی نێوان کەسەکان، هەستیاری جێندەری و ڕەفتاری پیشەیی بدات. |
| ٨ | ڕێکخستن و پشتگیرییکردنی تۆڕە خۆبەخشەکان هەتا بتوانن زۆرترین بەشداریی بکەن، هەروەها کەڵکوەرگرتن لە کارامەیی و تایبەتمەندییەکانیان لە چوارچێوەی کاری ڕێکخراوەییدا لەپێناو بەرزکردنەوەی ئاستی کاریگەریی و گەیشتن بە کەسانی پەراوێزخراو. |
| ٩ | بەرزکردنەوەی ئاستی دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوە پەیوەندیدارەکان و گەشەپێدانی پیشەیی. ئەمەش دەرفەتی ڕاهێنان، پشتگیری تەندروستی دەروونی و پلاتفۆرمی فێربوونی باشترین پراکتیزەکان لەخۆدەگرێت. |
| ١٠ | بەڕوونی پێناسەکردنی هاوکاری کۆمەڵایەتی و جیاوازیکردن لە نێوان پشتیوانی ماددی و نامادددی (ڕۆحی). دەستنیشانکردنی سودمەندان و دەستنیشانکردنی پێشکەشکارانی هاوکاریی کۆمەڵایەتی. |
| ١١ | پەرەپێدانی کۆمەڵێک بنەما بۆ ڕێنیشاندانی ستانداردی کارکردن (SOP) ڕێکخراوەکان، کە دەبێت وەک چوارچێوەیەکی گشتی خزمەت بکات، دەکرێت لەلایەن وەزارەتی کاروباریی کۆمەڵایەتییەوە وەک ڕێنمایی دەربکرێت. |
| ١٢ | دروستکردنی داتابەیسێکی ناوەندی کە لەلایەن دامەزراوەیەکی حکومییەوە بەڕێوەببرێت، بۆ ڕێگریکردن لە دووبارەبوونەوە. ناوی سودمەندان بە کۆدی تایبەت تۆمار بکرێت. |
| ١٣ | سەنتەرێکی تایبەت دروستبکرێت بۆ دیارییکردنی ڕێژەی کەمئەندامی، چونکە لە ئەێستادا وەزارەتی کاروبری کۆمەڵایەتی کاروبارە کارێگێرییەکان ڕێکدەخات و دواتر لەلایەن لیژنەسەکی پزیشکییەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت کە لەلایەن وەزارەتی تەندروستییەوە ڕێکدەخرێت، پێویستە کۆی ئەم پرۆسەیە لە ناوەندێکی تایبەتدا ئەنجامبدرێت. |
| ١٤ | سیستمی دیارییکردنی ڕێژەی کەمئەندامی لابرێت و لە بەرامبەردا پرۆسەیەکی کاریگەرتر پەیرەو بکرێت، لە جیاتی ڕێژە ئاست دیاریی بکرێت، وەک ئاستی نزم، مامناوەند، یان بەرز پۆلێن بکرێت. |

## دەستپێشخەری درێژخایەنتر و فراوانتر

١ بەرەنگاربوونەوەی بەربەستە سیاسییەکان لە گەیاندنی هاوکاریی کۆمەڵایەتی بە گروپە دیاریکراوەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق، بەتایبەتی کە بەهۆی کەمی بودجە یان نەناردنی بودجە لەلایەن حکومەتی عێراقی فیدراڵەوە پرۆسەکە تەواو بەرتەسکبووەتەوە.

٢ چارەسەرکردنی لایەنە عاتفی و دەرونی و کۆمەڵایەتییە پشتگوێخراوەکان لە پرۆسەی هاوکاریی کۆمەڵایەتیدا (هەروەها چارەسەرکردنی گرفتی مادییان) لەگەڵ ئەو بەهاو نۆرمانەی کە پەیوەستن بە شەرمەزارکردن و زەبری کۆمەڵایەتییەوە.

٣ پێشخستنی هاوسەنگی جێندەری لەناو ڕێکخراوەکانی هاوکاری کۆمەڵایەتیدا. ئەمەش ڕێگە بە سودمەندان دەدات بە ئاشکرا و بە سەلامەتی باسی پێداویستیەکانیان بکەن، هەروەها مەترسی ئیستغلالکردن لەسەر بنەمای جێندەر کەمدەکاتەوە.

٤ باشترکردنی هەماهەنگی نێوان ڕێکخراوە ناحکومییەکان و دەزگاکانی حکومەت لە ڕێگەی چارەسەرکردنی گرفتی دارایی و ڕوونکردنەوەی ڕۆڵەکان. بۆ نموونە: پلاتفۆرمە دیجیتاڵییە هاوبەشەکان بۆ بەدواداچوونی کەیسەکان، کۆبوونەوەکانی هەماهەنگی ئاسایی، و ئامرازەکانی پلاندانانی هاوبەش.

٥ هاندان بۆ گۆڕینی مۆدێلەکانی هاوکاریی کورتخایەن بە پرۆسەیەکی بەردەوام و درێژمەودا، بە جۆرێک کە هێزی بڕیاردان لە خواستی کۆمەڵگەکانەوە سەرچاوەبگرێت، ئەمەیش دەبێتە هۆی مسۆگەرکردنی بەردەوامی پرۆسەکە سەرەڕای گۆڕانکارییە سیاسییەکان.

٦ پەرەپێدانی هەماهەنگیی نێوان ڕێکخراوە ناوخۆییەکان و کۆمەڵگەکان و دامەزراوەکانی حکوومەت بۆ بەهێزکردنی ڕێگاکانی لێپرسینەوە و لەئەستۆگرتنی زیاتری بەرپرسیارێتیی و دڵنیابوونەوە لەوەی پرۆگرامەکانی هاوکاریی کۆمەڵایەتیی کاریگەریی بەردەوام و درێژخایەنیان دەبێت.

This report was developed by Pasewan for the Better Assistance in Crises (BASIC) Research programme. BASIC is implemented by IDS and funded by UK International Development from the UK government. The opinions expressed are those of the authors and do not necessarily reflect the views or policies of BASIC, IDS or the UK government.

This is an Open Access briefing distributed under the terms of the Creative Commons Attribution 4.0 International Licence (CC BY), which permits use, distribution and reproduction in any medium, provided the original authors and source are credited, and any modifications or adaptations are indicated.

PASEWAN

institute of development studies

UK International Development
Partnership | Progress | Prosperity

BETTER ASSISTANCE IN CRISES RESEARCH